www.kurdistannet.org
16-3-2003 23:46

# کیمیاباران لە هەڵەبجە بەردەوامە

هیدایەت مەلا عەلی

١٦-٣-٢٠٠٣ زیاتر لە ١٥ سال بەسەر کیمیابارانی هەلەبجەدا تیدەپەرێ، کارەساتی هەلەبجە مۆریکی رەشی نیوچەوانی دەسەڵاتی بەعسی سەرکوتگەر و ئەحزابی قەومی و دینیە لە کوردستان، گیان لەدەستدانی (٥٠٠٠) ئینسان لە چرکەیەکدا لە میژووی بەشەریەتدا لە بیر ناچیتەوە، بەڵام لیرەدا چەند پرسیاریك دیتە پیشەوە ئایا لە دوای ١٢ سال لە دەرپەراندنی بەعس لە کوردستان لە لایەن خەلکەوە و حاکمیتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و دەستە و تاقمی ئیسلامی هەلومەرجی ژیانی خەلکی هەلەبجە و ناوچەی شارەزوور و هەورامان بە چ جۆریکە، لە هەلەبجە و ئەو ناوچەیە ١٢ سالە لە سایەی سەرگەردانی کوردستان و دەسەڵاتی میلیشیایی چەکدار و دەستەو تاقمی تیرۆریست و دەست تیۆەردانی دەولەتانی ناوچەکەو بە تایبەت جمهوری ئیسلامی ئیران چی روودەدات، با بزانین ئەحزابی قەومی حاکم و ( جندالاسلام و پاك و کۆمەلە و یەکگرتوو) چیان هەیە بۆ خەلکی ستەملیکراوی هەلەبجە، ژیانی خەلکی هەلەبجە ١٢ سالە مەرگەسات و کارەساتی جەرگبر و هەررۆژە شەرو قەتل و عامیك بەسەر دەبەن، ئەم ناوچەیە ١٢ سالە بۆتە مەیدانی کوشتن و کاری تیرۆریستی و کوشتاری بەکۆمەل لە خیلی حەمەوە بۆ گامیشتەپە و هتد. ١٢ سالە هەلەبجە لە دوای کیمیابارانی بەعس بۆنی خوین و باروت جیگای هەموو خۆشگوزەرانی و ئەمنیەتیکی گرتۆتەوە، لە جیاتی ئاوەدانی و دابینکردنی ژیانیکی ریفاهی و ئینسانی شەری کوڵانەوکوڵانی ئەحزابی قەومی و ئیسلامی لە ناو دەست و پی و جیگای ژیانی خەلك دیاردەیەکی تری ژیانی خەلکی هەلەبجە و ناوچەکەیە، لە ژیر فشاری دەستەوتاقمی ئیسلامی و بە هەرەشە و چاوسورکردنەوە و تیرۆر هەرچی سیمای شارستانی دیاردەی مەدەنیەت هەیە پاشەکشەی پیکراوە، هەرشتیك تەعبیر لە ئارەزو و ئاواتی خەلك بکات بە لولوی تفەنگ وەڵام ئەدریتەوە، ماوەیەکی زۆر سەیران و گۆرانی و چەپلە لەم شارەدا نایاسایی بوو، چەند جار خەلکی سەیرانکەر تەسجیلەکانیان لی سەنراوە و لە چلاکی ئیسلامیانەدا شکینراون. لە ئاکامی کیشمەکیشی نیوان ئەحزابی قەومی و دینی لەسەر دەسەڵات لەم شارەدا نائارامی و دلەراوکیی خەلك بەردەوامە، لەشکرکیشی هەررۆژەی میلیشیایەك و گرتنی دەوری شار بە تۆپ و هاوەن و تانك ژیانی خەلکی هەلەبجەی تیك داوا، سوتانی بەروبومی کشتوکالی کوژرانی کەسانی مەدەنی لەکاتی شەردا دیاردەیەکی باوە، خۆتەقاندنەوە کە چەند رۆژ لەمەوبەر لە زەمەقی رویدا لەگەڵ سەربرین و ( ) ی دانان وەك تاوانیکی تر دەرهەق بە خەلکی هەلەبجە کراوە. ١٢ سالە ئەحزابی قەومی حاکم و دەستەوتاقمی ئیسلامی ئەیانەویت بە هەلرشتنی فرمیسکی تیمساحی و گۆرانی و شیعر و لاواندنەوە دەوری خۆیان لەم تاوانەدا لەبیر خەلك بەرنەوە، بەڵام سال لە دوای سال لەژیر دەسەڵاتی ئەم حیزبانەدا ژیان و ئەمنیەتی خەلکی هەلەبجە و ناوچەکە بەرەو خراپ تر رۆیشتووە و نارەزایەتی خەلکی هەلەبجە و ناوچەکەش بە شەر و قەتل و عام و تیرۆر و ئینسنکوژی ئەم حیزب و تاقمانە زیادی کردووە.

خەلکی کوردستان، خەلکی هەلەبجە و ناوچەی شارەزوور و هەورامان

ریکخراوەکانی دیفاع لە هەلەبجە

لە کاتیکدا ئەمرۆ ئەو رۆژەیە کە گەورەترین تاوانی کۆکوژی بەرامبەر بە ئینسان و گوڵ و گیانلەبەر و گەنمی ئەم شارە کرا هەرلەم کاتەدا ئەمریکا خەریکی بەریخستنی کاولکاری و کۆکوژیەکی ترە، خەریکی دووبارەکردنەوەی هەلەبجەیەکی گەورەترە.

**ئەگەر ئەمانەویت برینی هەلەبجە ساریژبیت و هەلەبجەیەکی تر دووبارە نەبیتەوە، ئەگەر ئەمانەویت ژیانی خەلکی هەلەبجە ئینسلنی و هەلەبجەکان شارستانی بن، ئەگەر ئەمانەویت هەر رۆژە و هەوالی کارەساتیکی ویژدان ورووژینەر**

**میوانمان نەبیت، با لە دەوری ئەم دوو داخوازیە کۆ ببینەوە:**

**١- وەستانەوە بە رووی کاولکاریەك کە ئەمریکا خەریکە بەریی دەخات کە بیگومان سوتەمەنی ئەم کاولکاریە خەلکی مەدەنی وبی دیفاعە، وە هەولیکە بۆ دوبارە بوونەوەی هەلەبجەیەکی گەورەتر و کۆمەلکوژیەکی تر.**

**٢- رژیمی بەعس شەرعیەتی نیە و نابی بگەریتەوە بۆ کوردستان، وە بۆ کۆتایی هینان بە سەرگەردانی سیاسی کوردستان کە ئەم هەموو روداو و کارەساتانەی لیکەوتوەتەوە. کۆبونەوە لە دەوری جیابونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەولەتیکی مەدەنی زامنکەری رونەدانەوەی هەلەبجەیەکی ترە و دابینکەری ژیانیکی ئاسودە و ئارامە بۆ خەلکی هەلەبجە و کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق خەباتکاری ئەم مەیدانەیە با بەهیزی بکەین.**

**ریسوایی بۆ رژیمی بەعس، با بە ئیرادەی خۆمان کۆتایی بهینین بە کارەساتەکان، بژی ژیانی ئازاد و ئارام.**

hidayat-malaali@yahoo. com

**دانیمارك**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣